# گۆڤاری "بەرەو سەربەخۆیی" دەست بە وەشان دەکات

ئەمرۆکە ئاڵوگۆڕی زۆر لە جیهاندا هاتۆتە ئاراوە و گۆڕانکارییە سیاسییەکان ڕۆژ بە ڕۆژ لە پەرەسەندن دان و وڵاتانی جیهان لەگەڵ گۆڕانکارییانە بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێن، لەو نێوەندەدا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا تووشی گۆڕانێکی زۆر هاتووە و ئەوەی پەیوەندیی بە کوردەوە هەبێ دەتوانین ئاماژە بە هەندێ خاڵی بەرچاو بکەین کە لایەنە نێگەتیڤ و پۆزەتیڤەکانی ئەم گۆڕانەی بەسەر کورد لەم ناوچەیە هاتووە لە خۆ بگرێت:
بەداخەوە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا زۆربەی پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی کێشە و ململانێی نێوخۆییان تووشی لێکترازان و لەتبوون هاتن، و لە هەمان کاتدا لەگەڵ هێنانەوە سەر کاری مەحموودی ئەحمەدی نەژاد بۆ سەرۆککۆماریی ئێران، فەزایەکی داخراوی سیاسی باڵی بەسەر ئێران بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی کێشاوە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵک بە هۆی نەبوونی ڕێبەرییەکی سیاسی هەمیشە بە شێوەیەکی خۆرسکانە لە مەیداندا بوون و بەداخەوە حزبە سیاسییەکان نەیانتوانی داوا و ویستی خەڵک بۆ یەکگرتنەوە و پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەشی کوردستانی لەبەر چاو بگرن، لە هەمانکاتیشدا ڕاگەیاندەکانی حزبەکان وەک پێویست نەیانتوانی بە شێوەیەکی جیددی کار لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی بکەن و بە ڕوانینێکی تەسکی حزبییانەوە سەیری ڕووداوەکانیان دەکرد.
لە باشووری کوردستان کە ماوەی 19 ساڵە لە دەستی دیکتاتۆرییەت ڕزگار بووە و پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە و لەگەڵ هەموو کەم و کوورییەکان، گەلێک دەسکەوتی باشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتووری هاتوونەتە دی و، حکومڕانییەکی نیمچە سەربەخۆی کوردی لە باشوور درووست بووە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاستی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی لە باشووری کوردستان بەهێز نەبووە و دەتوانین بڵێین دەسەڵاتی کوردی لەبەر زۆر هۆکاریتر دەرفەتی ئەوەی نەبووە کار لەسەر هەستی نەتەوایەتیی تاکی کورد بکات، بەڵام لە پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە لە عێراق پێشکەوتنە سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵاتی و ڕۆشنبیرییەکان بە خێرایی لە کوردستان پەرەیان سەند و ڕاگەیاندنی ئازاد و فەزایەکی دیموکراتیانە هاتە ئاراوە و هەڵبژاردنەکان بە بەشداریی خەڵک ئەنجام دران و نموونەیەکی جوانی سیستەمی دیموکراسیان لە ناوچەکە پیشان دا.
لە باکووری کوردستان خەباتی مەدەنی پەرەی سەند و گەلی کورد لە باکوور لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا توانیی نزیک بە 100 شارەوانی بباتەوە و نوێنەرانی کورد بچنە ناو پەرلەمانی تورکیا و مەسەلەی کورد لە تورکیا بخەنە ڕۆژڤەوە، تا ئەوەی حکومەتی تورکیا بە ڕەسمی ڕایگەیاندووە کە چارەسەری بۆ پرسی کورد دەکات و بەداخەوە لەم ماوەیەشدا بینیمان کە قسەی بەرپرسانی تورکیا لە دروشم بەولاوە هیچیتر نییە.
لە ڕۆژئاوای کوردستانیش کوردەکان بەردەوام لە لایەن دەوڵەتی سووریا چەوساونەتەوە و هەوڵی ئەوە دراوە لە خاک و زیدی خۆیان دەر بکرێن و بەم حاڵەشەوە خەبات لەم بەشەی کوردستانیش هەر بەردەوام بووە.
کوردەکانی هەندەرانیش بەردەوام بە دوای چارەسەری دۆزی ڕەوای گەلەکەمانەوە بوون و لە هەموو بۆنە و خۆپیشاندانەکاندا پشتیوانیان لە کوردی هەموو پارچەکان کردووە و بە کاری ڕێکخراوەیی و مەدەنی هەنگاوی جیددیان هاویشتووە.
کە واتە پرسێک بە ناوی پرسی کورد و کوردستان لە ئارادا هەیە، بۆچی کوردەکان یەکگرتوو نەبوون و بە سەر چەند وڵاتدا دابەش بوون؟ بۆچی پرسی سەربەخۆیی پرسێکی قەدەغە بووە و هەمیشە کوردان بە جوداییخواز ناو دەبردرێن؟
ئەمانە و دەیان پرسیاریتر دێنە ئاراوە کە کوردستان بۆچي وڵاتێکی سەربەخۆ نییە؟ ویست و داخوازیی کوردەکان بۆ سەربەخۆیی چین؟

لەم پێناوەدا ئێمە کۆمەڵێک نووسەر و رۆژنامەنووسی کورد بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین کار لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی و مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان بکەین و بە دەرکردنی گۆڤاری "بەرەو سەربەخۆیی"هەوڵ دەدەین بیر و بۆچوونی هەموو لایەک بڵاو بکەینەوە و تیشک بخەینە سەر مێژوو و جوغرافیا و زمان و کلتوور و داب و نەریتی کوردستان و وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە کە تا ئێستاش بێ وەڵام ماونەتەوە.

گۆڤاری "بەرەو سەربەخۆیی" وەرزنامەیەکی ئازاد و بێلایەنە و ژمارەیەک نووسەر و رۆژنامەنووسی کورد کاری تێدا دەکەن کە بیرۆکەی سەربەخۆیی کوردستان دروشمی سەرەکیی کارەکانیانە و بە بیرێکی نەتەوەیی کار بۆ دوارۆژ دەکەن.

گۆڤاری "بەرەو سەربەخۆیی" هەموو بیر و بۆچوونە ئازادەکان بڵاو دەکاتەوە کە پەیوەندییان بە مەسەلەی نەتەوایەتییەوە هەبێت و هەوەها سەکۆیەک دەبێت بۆ کاری هاوبەشی کوردستانیان لە پێناو سەربەخۆیی کوردستاندا.

گۆڤارەکە ئاراستەی نەتەوەیی دەبێت ، بەڵام دژی هەرجۆرە دەمارگرژی و ناسونالیسمی بەرچاوتەنگانە دەوەستێتەوە کە بە هەست و نەستەوە بیانەوێت سنوورەکانی رێزلێنانی مرۆڤی بشکێنن. ئامانجی گۆڤارەکە هەوڵدان و کارکردنە لەپێناو سەلماندن و پاراستنی مافە زەوتکراوەکانی نەتەوەیەک کە بە مافدارترین و گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتی دونیا پێناسە دەکرێت، هەوڵدانێک لە جوارچێوەی پاراستن و رێزلێنان لە جیاوازیە نەتەوەیەکانی لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەو نەتەوانەی کوردستانیان تێدا دابەشکراوە. گۆڤارەکەمان بە هیچ شێوەیەک رێگای سوکایەتی بە هیچ نەتەوەیەک نادات و دژی هەرجۆرە دەمارگرژیەک بە توندی دەوەستێتەوە .

"بەرەو سەربەخۆیی"داوا لە هەموو سیاسەتمەدار و نووسەر و رۆژنامەوان و خوێندکارانی کورد دەکات نووسینەکانیان بنێرن بۆ ئیمەیلی berewserbexoiy@gmail.com، و ئێمە وەکوو ستافی گۆڤار هەموو هەوڵی خۆمان دەخەینە گەڕ بۆ ئەوەی ژمارە سیفری "بەرەو سەربەخۆیی"بە جوانترین شێوە بکەوێتە بەرچاوی خوێنەری کورد و بۆشاییەکی گەورە لە میدیای کوردی پڕ بکاتەوە و ببێتە سەرچاوەیەکی زانستی و باوەڕپێکراو.

چاوەڕوانی هاتنی بەرهەمەکانی ئێوەی بەڕیز دەکەین بۆ بڵاوبوونەوەی ژمارە سفر تا ڕێکەوتی ٢٠١٠/٧/٥ دەستی هاوکاری هەموو لایەک دەگوشین و هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو لایەک دەخوازین.

berewserbexoiy@gmail.com
www.serbexo.com

ستافی گۆڤاری ""بەرەو سەربەخۆیی"

12 ی جۆزەردانی ٢٧١٠ کوردی

2010/6/2